حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی کەمپانیای سەموە دەستی بە هێناردەکردنی نەوت کردووە



لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، کە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی سەموە دەستی بە هێناردەکردنی نەوت کردووە و لیژنەکە گەشبینین بە چارەسەرکردنی قەیرانی مووچەی هەرێمی کوردستان.

دارا حەمە، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراق ڕۆژی یەکشەممە جەختیکردەوە، کە هەرێمی کوردستان بەپێی ڕێککەوتنەکانی نێوان حکومەتی فیدرالی و هەرێم دەستیکردووە بە هێناردەکردنی نەوت لەڕێگەی کەمپانیای سەموە و ئاماژەی بۆشکرد، کە ئەمە گەشبینییەک دەخوڵقێنێت بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان.

دارا حەمە لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی ئەلـ"موتەبەع"، ئەمە یەکشەممە گوتوویەتی: "فەرمانبەرانی هەرێم باجی ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی بەغدا و هەولێریان داوە"، دەشڵێت: وەک لیژنەی یاسایی داوای هەنگاوی پێویستیان کردووە بۆ کۆتاییهێنان بە قەیرانەکانیان.

ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دارا حەمە دەشڵێت:"ئەمە گەشبینین بۆ دەنگدان لەسەر یاسای بودجە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوولا، چونکە هێناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی سەموە دەستپێکردووە و ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی داهات و چارەسەرکردنی قەیرانی مووچەی فەرمانبەران".